# کاریگەرییەکانی داگیرکاری و ململانێی سۆڤیێت-ئەمریکا  لە سەر ئەفغانستان (١٩٧٩-١٩٨٩)
# (توێژینەوەیەکی «وەرگیراو- مستل»ە

**ئارام علی مستەفا[١]، گۆران ابراهیم صالح[٢]**

[١]بەشی مێژوو،کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، هەرێمی کوردستان،عێراق
[٢]بەشی  زانستە کۆمەڵایەتیەکان،کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی،هەرێمی کوردستان،عێراق
Corresponding author's e-mail:  aram.mustafa@univsul.edu.iq

## پێشەکی

پرۆسەی داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیێت (1979) فاکتەری سەرەکی ڕوودانی جەنگی دەساڵە و دەستێوەردانی ئەمریکا بوو لە ئەفغانستان، لەم قۆناغەی کۆتایی جەنگی ساردا ئەفغانستان بووە گەورەترین گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کۆتا ململانێکانی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا و سۆڤیێت، لەبەر ئەوەش بوو کە گەورەترین زیانی لەسەرجەم لایەنەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی و کۆمەڵایەتی و....... هتد پێگەیشت، هەر لە چوارچێوەی ململانێکانی دوو زلهێزەکە لە ئەفغانستا، دەیان جۆر دەستێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی لەگەڵ شەڕی درێژخایەندا ئەفغانستانیان بەرەو وڵاتێکی کارەساتبار برد، بەجۆرێك لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستدا ئەفغانستان یەکێك بوو لە (10) وڵاتە یەکەمە زۆر خراپەکەی جیهان لەسەرجەم لایەنەکانەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت: بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاریگەری ململانێی زلهێزەکان لەسەر ئەفغانستان تەنها کاریگەریەکی لۆکاڵی وڵاتێك نەبوو، بەڵکو دەرهاوێشتەکانی جەنگ لە ئەفغانستان  کاریگەریان لەسەر ڕووداوەکانی دواتری جەنگی سارد و قۆناغی سەرەتای سەدەی بیست و یەك دروست کرد، هەروەها کۆی ڕووداوەکان پێکەوە کاریگەریان لەسەر شێواز و ئاراستەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دروست کرد.

گرنگی بابەت: زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چۆن واقیعی ململانێی ئەمریکاو  سۆڤیێت بوونە هۆی کاولکردنی ئەفغانستان و دروستکردنی سەدان جۆر کێشە کە بۆماوەی ساڵانی دواتر و ئێستاو داهاتویش کاریگەریەکانی لەسەر ئەم وڵاتە دەمێنێتەوە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زلهێزەکان چۆن وڵاتانی جیهانی سێ بەگشتی یان وڵاتانی ئیسلامی لە یەکلاکردنەوەی کێشەو ململانێکانی خۆیاندا بەکاردەهێنن، دواجاریش ئەم وڵاتانە دەبنە میراتگری تەنها کاولکاری گەورە.

| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥  ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠١٩/٨/٨ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠١٩/٩/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | aram.mustafa@univsul.edu.iq |

| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٠ \| پ.ی.د.ئارام علی مستەفا، م.گۆران ابراهیم صالح، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |
|---|---|

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پشت بە میتۆدی زانستی مێژوویی و میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری و (کۆلینەوەی ژمارەیی مێژوویی- Account History ) ببەسترێت، هەروەها سود لەمیتۆدەکانی زانستی ئابوری و سیاسیش وەرگیراوە، لەسەر بنەمای کۆی ئەم میتۆدانەیش هەوڵدراوە لێکدانەوەی ئەکادیمی زانستی بۆ تەوەرەکانی بابەتەکە بکرێت.

گرفتەکانی توێژینەوەکە: بێگومان هەموو توێژینەوەیەك گرفتی تایبەتی خۆی هەیە، لەدیارترین ئەو گرفتانەیشی هاتنە بەردەممان نەبوونی دەرفتە بۆ سەردانی کردنی وڵاتانی دیکە و ئەفغانستان بەتایبەتی، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئەرشیڤی کاریگەریەکانی جەنگ و ملانێی زلهێزەکان لەسەر ئەم وڵاتە ببینین و ئامار و ژمارەی زیاترمان لەسەر کۆی رووداو و کاریگەریەکا دەست بکەوێت، هەروەها تا ئێستا زۆر لایەنی ئەم جەنگەی سۆڤێت لە ئەفغانستان لە ئەرشیڤی روسیدا بەنهێنی ماوەتەوە و بۆ لێکۆڵەرانی ئەم بوارە ئاشکرا نەکراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین لایەنی ئەم قۆناغەی ئەفغانستان بە نهێنی بمێنێتەوە.

پێکهاتەی لێکۆلینەوەکە : لە پێشەکی و دەروازە و و چوار تەوەری سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە، تەوەری یەکەم : تایبەتە بەکاریگەریەکانی ململانێی ئەمریکاو سۆڤێت لەسەر دۆخی سیاسی و سەربازی ئەفغستان، کە تێدا جگەلە کاریگەریەکان دۆخی سیاسی و سەربازی ئەفغانستانی دوای پاشەکشەی سوپای سۆڤێتی تێدا روون کراوەتەوە، تەوەری دووەم : بۆ کاریگەریە ئابوریەکان تەرخان کراوە، کە تێیدا کاریگەریەکانی جەنگ و ململانێی ئەمریکاو سۆڤێت لەسەر کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی خراونەتە روو، لەتەوەری سێیەمدا: جەخت لەسەر کارگەریەکانی جەنگ و دەستێوەردانە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی و مرۆیی ئەفغانستان کراوەتەوە، لەم تەوەرەدا باس لە کۆی زیانە مرۆییەکانی وەك کوشتاری گەورە و بریندار بوون و ئاوارەبوونی بەلێشاو و کەئەندامبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی کۆمەڵگای ئەفغان کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریە کانی جەنگ و ململانێکان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی باسیان لێوەکراوە، تەوەری چوارەم: تایبەتە بە کاریگەریەکانی ململانێی ئەمریکاو سۆڤێت لەسەر سیستەمی پەروەردەو دۆخی فەرهەنگی و رۆشنبیری ئەفغانستا، لەم تەوەرەدا ئەوە روون کراوەتەوە کە چۆن سیستەمی پەرەوەردەی ئەفغانستان بووە قوربانی ململانێکانی نێوان ئەم دوو زلهێزە و پاشان چۆن کاریگەری لەسەر نەوەکانی دواتری ئەفغانستان بەجێهێشت. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە روو.

لەدیارترین ئەو سەرچاوانیشی لەم توێژینەوەیە سودیان لێ وەرگیراوەبریتین لە (Fukuyama.F: Nation Building Beyond Afghanistan و (Emadi.H: Dynamics of Political Development in Afghanistan) و(Shanty.F : The Nexus International,and Iraq) و(Terrorism and Drug Trafficking From Afghanistan, Wesa.T: The Afghan Agricultural Extension, Impact on the Soviet Occupatio)

لە کۆتایی توێژینەوەکەیشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونتە روو.

**کلیلە وشە: ململانێی, کاریگەرییەکانی, سۆڤێت, ئەمریکا, ئەفغانستان**

## دەروازە:

پاش ئامادەکاری تەواوەتی و قایمکردنی پێگەی سیاسی و ئابوری سەربازی خۆی لە ئەفغانستان، سوپای سۆڤێتی (Courtois.Sand Others,1999:p714) بەسەرکردایەتی (ژەنەراڵ بۆریس گرۆمۆڤ- Gen.Boris Gromov) Atlas Histoique, 2003: p1) لە (24/کانونی یەکەمی/1979) سنوری ئەفغانستانی بڕی و چووە نێو ئەو وڵاتەوە.( Amstutz.J, 1986:p14) لەکاردانەوەی ئەفغانەکانیشدا جوڵانەوەیەکی چەکداری ئیسلامی دژ بەدەسەڵاتە کۆمۆنیستیەکەی ئەفغانستان و سوپای سۆڤێتی لەو وڵاتە دەستپێیکرد، ( Jones.G,2008: P26) داگیرکردنی ئەفغانستانیش لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە گەورەترین کاردانەوەی لای ویلایەتە یەکگرتووەکان دژ بە یەکێتی سۆڤێت دروست کرد، تەنانەت ئەم پرۆسەیە لە مەوداو چوارچێوەیەکی فراوانتردا خودی ململانێکانی نیوان بلۆکی سەرمایەداری و بلۆکی سۆسیالیستی بردە قۆناغێکی نوێی ئاڵۆزترەوە، (Noor A.Husain and Leo E.rose,1998:p37 ) هەر لەسەرەتایشەوە ئەمریکا دەستی بە پاڵپشتی و هاوکاری هێزە جیهادیەکان دژ بەسوپای سۆڤێت و حکومەتی کابوڵ کرد ، لەلایەکی دیکەوە بووە رێگاخۆشکەری گەورە بۆ هەریەك لە سعودیەو

پاکستان ولآتانی دیکەی ئیسلامی و ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی هاوکاری کۆمەکی دارایی و سەربازی هێزە جیهادیەکان بکەن. Kaelin.D, 2013: P27))
بۆ ئەو مەبەستەش، کۆشکی سپی بڕیاریدا پاڵپشتی (C.I.A) بکرێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی لە ئەفغانستان، پاشان کۆشکی سپی لە چەند ڕۆژی پرۆسەی سەربازی سۆڤێتدا باسی لە دابینکردنی پارە و چەك و تەقەمەنی بۆ هێز و گروپە ڕاپەڕیوەکانی دژ بە حکومەتی کابوڵ و سوپای سۆڤێتی لە ئەفغانستان کرد، (Riedel.B,2014:p103 ) لە گەڵ پرۆسەی داگیرکاری لە فغانستان پاڵپێوەنەر و فاکتەرێکی گەورە بوون لە کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی جیهانی ئیسلامی و جیهادکردنیان دژ بەسوپای سۆڤێتی لە ئەفغانستان. (Bergey.C: P5) هەروەها ئەمریکا دەیویست کاردانەوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان دژ بە سوپای سوری سۆڤێتی لە ئەفغانستان توندتر بکات و(Tadam.K, 2013:P31) لەو چوارچێوەیەشدا، ئەفغانستان بووە گۆڕەپان و چەق یەکلاکەرەوەی کۆتایی ململانێکانی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکاو سۆڤێت.( Goodson.P , 2001:P6

دوای بەردەوامی (10)ساڵ لەجەنگی ئەفغانستانی دژبەسۆڤێتیش،لە میانەی دوا خولیً دانوسانەکانی جنێفیشدا لە (14/نیسانی/1988)، ڕێککەوتنی تەواوەتی لە نێوان ئەفغانستان و پاکستان لەسەر پاشەکشەی تەواوی سوپای سۆڤێت لە ئەفغانستان لە جنێف واژۆکرا، لەگەڵ گرەنتی هەڵوێستی هەریەك لە ئەمریکا و سۆڤێت،(Dorronsoro.G, 2000:p200) سەرەتای پاشەکشەیش لە (15/ئایاری/1988) بە (12,000) سەرباز دەستی پێکرد،.(Feifer.G , 2009:p249) دوا قۆناغی پاشەکشەیش لە (15/شوباتی/1989)کۆتایی هات، دوای کۆتایی هاتنی ئەم قۆناغە ، هیچ سەرباز و یەکەیەکی سوپای سۆڤێتی لەسەر خاکی ئەفغانستان نەما.( Fenzel.M, 2013: P149)
بەڵام درێژەکێشانی جەنگ بۆ ماوەی (10)ساڵ کاریگەری نەرێنی گەورەی سیاسی و سەربازی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و فەرهەنگی و پەروەردەیی لەسەر ئەفغانستان و کۆمەڵگای ئەفغان دروست کرد، لەم قۆناغەشدا ئەفغانستان لە دوو جەنگی کاولکاری گەورەدا بوو، جەنگێکی نێوخۆیی لەگەڵ حکومەتی کابوڵ، جەنگێکی دیکە لەگەڵ سوپای سۆڤێتی، کۆی ئەم جەنگانە و دەستێوەردانە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان کاریگەریە نەرێنیەکانی جەنگیان ساڵ لەدوای ساڵ لەسەر ئەفغانستان قوڵتر کردەوە.

## (1-1) کاریگەرییە سیاسی و سەربازییەکان:

لەژێر کاریگەری داگیرکاری سۆڤێت و جەنگی (10) ساڵە، ئەفغانستان وەك دەوڵەت سەروەری خۆی لەدەستدا، بنەمانی خۆبەڕێوەبەریش لەم ولآتە لەدەست کۆمەڵگای ئەفغانیدا نەما. Fukuyama.F,2006:p 109)) جگەلە هێرش و پەلامارەکانی سۆڤێت، هێزە جیهادیەکانیش چەندین دامودەزگا و بنکەی حکومیان کردە ئامانج. (Miakhel.S,2002:p57 ) بەشێوەیەکی گشتیش کاریگەریەکانی جەنگ لەو قۆناغەدا بووە هۆی تێکشکانی دەوڵەت و بنەماکانی دەوڵەتداری لە ئەفغانستان.( Conard and Glassner,2002:p118 )
هەرچەندە ڕێکەوتننامەی جنێف، کۆتایی بە پرۆسەی سەربازی سۆڤێت لە ئەفغانستان هێنا، بەڵام نە کۆتایی بە دەستێوەردانی دەرەکی هێنا ، نە ئاشتی و سەقامگیری بۆ ئەفغانستان دابین کرد، لە دوای پاشەکشەی سوپای سۆڤێت،( Adamec.W, 2003:p123) هاوکاریە سەربازیەکانی ئەمریکا بۆ هێزە ئیسلامیەکان دژ بە حکومەتەکەی نەجیبوڵلا هەر بەردەوام بوو.( Kaufam.G: p6) حکومەتی کابوڵیش پێشوازی لە هاوکاری و پاڵپشتیەکانی سۆڤێت دەکرد،( Emadi.H,2010:p124) لەگەڵ بەردەوامی هاوکاریەکانی سۆڤێتدا، حکومەتی ئەفغانیش لەدوای پاشەکشەی سۆڤێتەوە خاوەنی (150,000) سەرباز و (400) فرۆکە و (100) هێلیکۆپتەر بوو.( Riedel.B,2014:p128)) هێزە جیهادیەکانیش پێیان وابوو کە پرۆسەی جیهاد هێشتا کۆتایی نەهاتووە، چونکە دەسەلآتی نەجیبوڵلایان وەك پاشماوە و دەسکەلای سۆڤێت سەیر دەکرد(Corwin,2003:p2). هەریەك لە ئەمریکا و پاکستان و سعودیەش لەگەڵ ئەوەدا بوون کە نابێت نەجیبوڵلا لەدەسەلآتدا بمێنیً (Corwin,2003:p2). لە (ئازاری/ 1989(دا هێرشێکی گەورە و بەرفراوانی هێزە جیهادیەکان بە پاڵپشتی پاکستان بۆ کۆنترۆڵی تەواوەتی شاری جەلالئاباد ئەنجامدرا، چونکە بڕیاریان وابوو کە حکومەتی کاتی ئەفغانستان کە لە پیشاوەر دامەزرا، جەلالئاباد بکاتە بنکەی خۆی و لەوێوە شەرعیەتی دەسەلآت لە ئەفغانستان وەربگرێت، بەڵام لە بەرپەرچدانەوەی سوپای ئەفغانیدا، هێزە جیهادییەکان توشی تێکشکانی گەورە بوون و سەدان کوژراو و بریندار یان هەبوو، لێرە بەدواوە جەنگ لە ئەفغانستان بەردەوام بوو، تا لە (6/ئازاری/1990) (تانای)ی وەزیری بەرگری

ئەفغانستان لە باڵی (خەلق) دژ بە باڵی پەرچەمی دەسەڵاتدار هەستا بەدروستکردنی هاوپەیمانیەکی سەربازی لەگەڵ (گولبەدین حیکمەتیار) و پاشان توانیان پەلاماری کۆشکی سەرۆکایەتی و ژمارەیەك ناوەندی حکومی و بنکەی سەربازی (باگرام) بدەن ، بەڵام تانای لەکارەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، لەبەر ئەوە خۆی و چەند ئەفسەرێکی پلە باڵای دیکە بەرەو پاکستان هەڵهاتن، ئەم رووداوەیش ململانێکانی نێوان باڵی (خەلق) و (پەرچەم)ی زیاتر قوڵ کردەوە و بەشێوەیەك باڵی خەلق لەچوارچێوەی حکومەتدا بە تەواوەتی بەرەو پوکانەوە و نەمان چوو، دواتر ئەم ململانێیانە بوونە هۆی لاوازبوونی حکومەت لە رووبەڕووبوونەوەی هێزە بەرهەڵستکارەکاندا. (Emadi.H,2010:p124)

دەستێوەردانە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکەش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر بەردەوامی ئاڵۆزبوونی زیاتی شەڕ و ململانێ نێوخۆییەکانی ئەفغانستان هەبوو(Oliker and Others…,2004: P28). لەسەرەتای ساڵی (1990)ستافێکی حکومەتی پاکستانی چوونە ئەمریکا و لەبارەی گەیاندنی هێزە بەرهەڵستکارە ئەفغانییەکان بەسەرکەوتنی تەواوەتی گفتوگۆیان لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای ئەمریکی کرد، بەڵام لەم کاتەدا هەریەك لە (گولبەدین حیکمەتیار) و (ئەحمەد شامەسعود) لە ململانێ و پێشبڕکێی ئەوەدا بوون کە داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی ئەفغانستان بگرنەدەست، لەبەر ئەوە هەر لەم قۆناغەوە پێکدادانی نێوان ئەم دوو هێزە سوننی و شیعیە دەستیپێکرد(Dimitrakis, 2004: P28). ئەم جەنگە نێوخۆییەش کاریگەری نێگەتیڤی گەورەی لەسەر دۆخی نێوخۆیی ئەفغانستان لەسەرجەم لایەنەکانەوە کرد،( دسوقي، عيسى،2005: ص 187 ) چونکە شەڕو ململانێی نێوخۆیی هێزە جیهادیەکانیش بووە هۆی ئەوەی حکومەتەکەی نەجیبوڵلا بۆ سێ ساڵی دیکە درێژە بەفەرمانڕەوایی خۆی بدات، تەنانەت توانی کۆنترۆڵی ژمارەیەك لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو هێزانە بکاتەوە.( Jones.G and Munoz.A, 2010:P27 ) زۆرێك لە کێشەکانی نێوان هێزە بەرهەڵستکارەکان بە بێ چارەسەر گەیشتە بەکارهێنانی کلاشینکۆف لەدژی یەکتری، لەبەر ئەوە کەلتورێك زاڵ بوو بەسەر ئەفغانستاندا کە بەکەلتوری کلاشینکۆف ناسرا.( Huffman.M, 2010:p227)

لەژێر کاریگەری دۆخەسەربازیەکەیشدا، سیستمی یاسایی ئەفغانستان تێکشکا، ژمارەیەکی کەمی پارێزەر و دادوەریش لە ئەفغانستان مانەوە، یاساو دادگانیش کەوتنە ژێر کاریگەری دۆخە سیاسیەکەو بەجۆرێك دادگاکان نەیاندەتوانی پارێزگاری دادپەروەرانەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئەفغان بکەن، سەرکردەو دەسەڵاتدارە سەربازیەکانیش زۆرینەی کات پەنایان بۆ سزا و تۆڵەسەندنەوە دەبرد، لە ئەنجامی دروستبوونی ئەو بۆشاییە یاساییە گەورەیەش لە ئەفغانستان گروپ و چەکدارە میلیشیاکان کۆنترۆڵی حوکمی وڵاتیان کرد، سەرکردە سەربازی و گروپە چەکدارەکانیشیان کۆنترۆڵی ناوچە جیاجیاکانی وڵاتیان کردبوو، ژمارەیەك لەو سەرکردانەش لەسەر بنەمای خێڵەکی و ڕەگەزی و سیاسی مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان دەکرد، تەنانەت دوای پاشەکشەی سۆڤێتیش، نەتوانرا هەژموون وکۆنترۆڵی هێزە میلیشیا جیاوازەکان بە سیستمێکی یاسایی نیشتیمانی ڕێکبخرێت.( MacDonald .D , 2010:p227.)

لەهەمان کاتدا بە بێ ئاگاداری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، لە سەرەتای (1990) ئەمریکاو سۆڤێت لەسەر مانەوەی نەجیبوڵلا لە پۆستەکەیدا ڕێکەوتن، تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنێك لە ئەفغانستان لەژێر چاودێری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەڕێوەدەچێت، ( Schofield.V, 2010: p227 ) بەڵام سەرەڕای ئەو ڕککەوتنە نهێنیە لەگەڵ سۆڤێت، ئامانجی سەرەکی ئەمریکا لە ئەفغانستان لەدوای پاشەکشەی سۆڤێتەوە کۆتاییهێنانی تەواوەتی بوو بە حکومەتەکەی نەجیبوڵلا، (جۆن کیلی John h. Kelly--) یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك و باشوری ئاسیا، لە میانەی وتارێکی (ئازاری/1990) ڕایگەیاند:" ئێمە پێمان وایە تا ڕژێمەکەی نەجیبوڵلا لە دەسەڵاتدا مابێت، قەیرانی سیاسی ئەفغانستان بەردەوام دەبێت." کاتێکیش لە (کانونی یەکەمی/1991) سۆڤێت هەڵوەشایەوە، لە (نیسانی /1992)شدا حکومەتەکەی نەجیبوڵلا بە تەواوەتی کۆتایی هات.( Rouland.R, 2014:P77) هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتیش لە (1991)دا یەك لە فاکتەرە سەرەکیەکانی روخانی حکومەتی کابوڵ بوو ، لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتەوە روسیا هیچ هاوکاری و پاڵپشتیەکی دارایی و سیاسی و سەربازی حکومەتی کابوڵی نەکرد، لەم قۆناغەشدا نەجیبوڵلا داوای نێوەندگیری (U.N)ی لە نێوان حکومەتی کابوڵ و هێزە ئیسلامیەکان کرد، بەڵام کۆی هەوڵەکانی (U.N)ش بۆ نێوەندگیری شکستیان خوارد، هێزە بەرهەڵستکارە جیهادیەکانیش لە (27/نیسانی/1992) گەمارۆی کابوڵی پایتەختیان دا، لەم کاتەدا (بابراك کارمڵ) و هێندێك لە هەوادارەکانی بەرەو شارۆچکەی (هەیراتان) نزیك بە سنوری ئۆزبەکستان هەڵهاتن و (محمد نەجیبوڵلا)یش پەنای بردە بەر بارەگای (U.N) و لەوێ پەنا درا.( Emadi.H, 2010:pp P124-125) لێرە بەدواوە و پاش تەواو بوونی

جەنگ لەگەڵ حکومەتی کابوڵ، قۆناغێکی نوێی جەنگ و ململانێ لە نێوان هێزە جیهادیەکان خۆیاندا دەستپێکرد.( Tate.C , 2006: P3 ) دوای پاشەکشەی هێزەکانی سوپای سۆڤێتی دوو جۆر جەنگی دیکە لە ئەفغانستان بەردەوامیان هەبوو، جەنگێك دژ بە دەسەڵاتی نەجیبوڵلا و جەنگێکی دیکەی نێوخۆیی هێزە جیهادیەکان، جەنگی نێوخۆیی هێزە جیهادیەکانیش کاریگەری گەورەی لەسەر مانەوە و درێژە کێشانی دەسەڵاتەکەی نەجیبوڵلا هەبوو، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت و نەمانی هیچ پاڵپشتیەکی دەرەکی نەجیبوڵلا، هێزە جیهادیەکان بە کۆی شەڕ و ململانێ نێوخۆییەکانیانەوە توانیان کۆنترۆڵی تەواوەتی ئەفغانستان بکەن.یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیەکانی جیهادی ئەفغانستان یەکگرتنی ژمارەیەك ڕەگەز و مەزهەب و خێڵ و عەشیرەتی جیاواز بوو دژ بە دوژمنێکی هاوبەش، بەڵام لەدوای پاشەکشەی سۆڤێتەوە کاریگەری ڕەگەز و خێڵە جیاوازەکانی ئەفغانستان لەسەر دۆخی دوای پاشەکشە دروست بوو، لەهەمان قۆناغدا ململانێی نێوان شیعە و سوننە لە ئەفغانستان دەستپێکرد، کە هەریەك لە شوێنکەوتەی ئەم مەزهەبانە خۆی بەخاوەنی ئەنجامە سەرکەوتووەکانی جیهادی ئەفغانستان و تێکشکانی سوپای سۆڤێت دەزانی، هەروەها هەریەك لەم دوو مەزهەبە دەیانویست زۆرترین دەسەڵاتیان لە داهاتوی سیاسی ئەفغانستاندا هەبێت، یەکتر قەبوڵ نەکردنیش دۆخی ململانێی نێوان سوننە و شیعەی لە ئەفغانستان چڕتر کردەوە.بەڵام لەدوای پاشەکشەوە ئەمریکا هیچ هەوڵێکی بۆ یەکگرتنی هێزە جیاوازە شیعی سونیەکان لە ئەفغانستان نەبوو، هەروەك ئەوەی بەدرێژایی ئیدارەی ڕیگان ئەمریکا بەردەوام هەوڵی دەدا کۆی هێزە جەنگاوەرە ئەفغانیەکان لە یەك بەرەدا دژ بە سوپای سۆڤێتی کۆبکاتەوە، لەهەمان کاتدا ئەمریکا هیچ پرۆژەیەکی بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی سیاسی و بنەماکانی دەوڵەتداری لە ئەفغانستان نەبوو، چونکە لەم قۆناغەی دوای پاشەکشەی سۆڤێت تاکە ئامانجێك کە ئەمریکا لە ئەفغانستان مابووی ڕووخانی تەواوەتی حکومەتەکەی نەجیبوڵلا بوو، ئەم حکومەتەش بە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت و نەمانی پاڵپشتی دەرەکی خۆی ڕاستەوخۆ هەڵوەشایەوە، دواجار ئەفغانستان لەژێر کاریگەری ململانێی زلهێزەکان لە جەنگی سارد و دەستێوەردانی هەرێمی وڵاتانی دراوسێ و شەڕو ململانێ نێوخۆییەکاندا، بووە وڵاتێکی تێکشکاوی لاوازی دابەش بوو بەسەر چەندین لایەنی جیاوازدا، ئەمریکایش هیچ ڕۆڵێکی کاراو کاریگەری لە بونیادنانەوەیدا نەبوو.

### (1-2) کاریگەرییە ئابورییەکان:

لە ئەنجامی جەنگی (10)ساڵە لەگەڵ سۆڤێت، ئابوری ئەفغانستان توشی دارمانی گەورە بوو، ئەفغانستان وەك دەوڵەت و سیستم ژێرخانی ئابوری بەشێوەیەکی وەها تێکشکا کە توانای سەرلەنوێ بونیاد نانەوەی نەما،( Shanty.F , 2004:P1) تەنانەت توانای وەستاندنی ئەو هەموو قەیرانەیشی نەبوو کە لە ئەنجامی دارمانی ژێرخانی ئابوری ڕووبەڕووی بوویەوە. (Fukuyama.F, ,2006: P109 ) جەنگ لە ئەفغانستان بووە هۆی گەورەترین بەربەست لەبەردەم گەشەی ئابوری وڵاتدا، بەشێوەیەك لەژێر کاریگەریەکانی جەنگدا، ئەفغانستان لە وڵاتێکی ناردەنی خۆراکەوە کردە وڵاتێکی هاوردەی خۆراك.( Shanty.F , 2004:P24) تێکشکانی ڕێگا سەرەکیەکانی گواستەوە، بەدیوێکی دیکەدا کاریگەری گەورەی لەسەر ئابوری ئەفغانستان دروستکرد(Feifer.G , 2009: p140) سەرەڕای هەموو ئەو قەیرانە ئابوریانەی ڕویان لە ئەفغانستان کرد، بڕی هاوکاری دارایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ پرۆژەکانی بونیادنان و بوژانەوەی ئەفغانستان ساڵانە لە (20,000,000) دۆلار تێپەڕی نەکرد.( Montgomery.D and Rondinelli.A , 2004:P1 ) لەکاتێکدا بەهۆی جەنگەوە (70%)ی ئاوەدانیەکانی ئەم وڵاتە توشی کاولکاری بوون.( Yousaf and Adkin, 2001:P244)

بەجۆرێك سەرجەم هەرێمەکانی ئەفغانستان شوێنەواری کاوکاری جەنگیان لەسەر بەجێما. ( Goodson.P , 2001:P6 ) قەرزی دەرەکی ئەفغانستانیش لە 1. (2,000,000,000) دۆلاری ی ساڵی (1980) بۆ (5.1,000,000,000)دۆلاری ساڵی (1990) بەرزبوویەوە.( Maley .W, 2002:P157) (60%)ی بودجەی ساڵانەی ئەفغانستانیش بۆ بوارە سەربازیەکە تەرخاندەکرا، لەبەرئەوە هەموو ساڵێك بوجەی ئەفغانستان توشی کورتهێنان دەبوو.( Osterman.R: P180) سەرەڕای کورتهێنانی گەورەیش لە بودجەدا، لەنێوان ساڵانی (1983-1988) قەرزە نێوخۆییەکانی حکومەتی کابوڵ (10)هێندە زیادیانکرد، دراوی ئەفغانی توشی هەڵکشانی گەورەبوو، ڕێژەی هەڵکشانەکەیش لە نێوان ساڵانی (1987-1989) (30%-40%)بوو، لەهەمان کاتدا و لەژێر کاریگەری ئەو هەڵکشانەدا نرخی خۆراك (500%-1000%) بەرزبوویەوە،

تا ساڵی (1988) (75%)ی داهاتی حكومەتی كابوڵ لەسەر ناردنی گازی سروشتی و هاوكاری دەرەكی بووە، هەر لەژێر كاریگەریەكانی جەنگدا حكومەت (25%) دەیتوانی پشتبە داهاتی نیوخۆیی و باج ببەستێت(Minkov.A and Smolynec.G, 2007 :P16-17)

لە ئەنجامی درێژەكێشانی جەنگ و دارمانی ژێرخانی ئابوری، كێڵگەكانی بەرهەمهێنانی ماددە هۆشبەرەكان لە ئەفغانستان پەرەیانسەند، لێرە بەدواوە ماددە هۆشبەرەكان بووە سەرچاوەی بژێوی بەشێكی دیار لە خێزانی جوتیارانی ئەفغانستان. ( Shanty.F, 2004:P1)  لەژێر كاریگەرییەكانی جەنگیشدا، حكومەتی كابوڵ توانانی دابینكردنی ژیانی بۆ (300,000-400,000) جوتیار نەبوو كە ماڵ و ژیانیان بەتەواوەتی لەدەستدابوو. (Feifer.G, 2009:p216)  چونكە لە ئەنجامی كاریگەرییەكانی جەنگدا (11,418) گوند و (1,045,212)خانو بەتەواوەتی كاول بوون. (Wesa.T , 2002:p118)

لەهەمان كاتدا دیاردەی پەرەسەندنی شۆڕەكات كاریگەری نێگەتیڤی لەسەر زەویە كشتوكاڵییەكانی ئەفغانستان دروستكرد، بەدرێژایی ساڵانی جەنگیش حكومەتی كابوڵ هیچ پرۆژەیەكی ئەوتۆی بۆ چارەسەری دیاردەی شۆڕەكاتی خاك ئەنجام نەدابوو، خەڵك و دانیشتوانی ئەو ناوچانەش بەهۆی كۆچ كردنیانەوە زەویە كشتوكاڵییەكانیان بەجێهێشبوو،( Jones.G and Munoz.A, 2010:p20 ) بەشێوەیەكی گشتی سێكتەری كشتوكاڵ و بەرهەمە كشتوكاڵییەكان كە (53%) كۆی داهاتی نیشتیمانی ئەفغانستانی پێكهێنابوو.( Marine Corps Institute:p5) بەڵام بەهۆی كاریگەرییەكانی جەنگەوە توشی تێكشكانی گەورە بوو، چونكە لەسەرتاسەری ئەفغانستان بەهەمهێنانی كشتوكاڵ (55%-77%)كەمی كرد، ئەمەش بووەهۆی كەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی گەنم بەرێژی (46%) و برنج (65%) و جۆ (40%)، (Wesa.T , 2002:p15)  وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری ئەفغانستانیش، لەسەرجەم لایەنەكانی پلان و پرۆگرام و دامەزراوەیی و كەسانی پسپۆر و بودجە و میتۆدی كاركردن و پەیوەندی لەگەڵ جوتیاران و نوێكردنەوە و هێنانی ئامێری كشتوكاڵی نوێوە، كاریگەری نێگەتیڤی گەورەی لەسەر دروستبوو. (Wesa.T , 2002:pii)

لەكاتێدا ناوچەكانی باشوری وڵات و روباری هێلمەند زۆرترین ئاسایشی خۆراكی ئەفغانستانی دابنكردبوو، بەجۆرێك بەسەبەتەی خۆراكی ئەفغانستان ناسرا بوون، بەڵام كۆی ئەو پرۆژە ئاودێریانەی ئەمریكا بەدرێژایی ساڵانی رابردوو لە باشوری ئەم وڵاتە بونیادینابوون، سەرجەمیان تێكشكان، (Kerry.F and Others,2009: P4)  تێكچونی پرۆژەكانی ئاودێری بەشێوەیەك بوون، كە تەنها یەك بەنداوی ساغ لە ئەفغانستان نەمایەوە، كە توانایەكی باشی گلدانەوەی ئاوی هەبێت.( Department of Immigration and Citizenship, 2012:P14) ئەمەش بووە هۆی ئەوەی جوتیارەكانی ئەفغانستان توشی كێشەی گەورەی كەمی ئاو ببنەوە، ئەفیونیش پێویستی بەبڕێكی زۆركەم لە ئاو هەبوو، لەبەرئەوە ژمارەیەكیان روویان لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە لە كشتوكاڵ كرد.( Kerry.F and Others...,2009: P4) لێرەدا تێكشكانی كەرتی كشتوكاڵی، بە تایبەتی سەرچاوە و تۆڕەكانی ئاودێری و مینرێژكردنی بەشێكی دیاری زەویە كشتوكاڵییەكان، پاڵی بە جوتیارە هەزارە ئەفغانەكانەوە نا بۆ ئەوەی بایەخی زیاتر بە چاندنی ئەفیون بدەن.( Chandra.V, 2006: P77) هێزە جیهادییەكانیش لە یەك كاتدا دەیانتوانی لەرێگەی ئەفیونەوە چەك و پێداویستی سەربازی بەدەستبهێنن و لەهەمان كاتدا كێشەی گەورە بۆ سەربازانی سۆڤێتی دروستبكەن. (Shanty.F , 2004:P25))

پلانێكی دیكەی ئەمریكا لە ئەفغانستان ئەوە بوو كە هانی زیاتری گروپە جیهادییەكان بدات بۆ ئەوەی ماددە هۆشبەرەكان، وەك چەكێك دژ بە هێزەكانی سوپای سۆڤێت بەكاربهێنن، بۆزیاتر هاندان و پەرەپێدانی چاندن و بەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان، ئەمریكا چەمكی (جیهادی [ئۆپیوم)ی لە ئەفغانستان هێنایە كایەوە، بەڵام ئەم چەمكە دژایەتیكراو پاشان لەلایەن (گولبەدین حیكمەتیار)ەوە هەوڵێكی زۆر بۆ رێگرتن لە چاندنی ماددە هۆشبەكان خرایەگەڕ، بەڵام حیكمەتیار توانی كۆنترۆڵی وەستاندنی چاندنی ئەم ماددەیە بەشێوەیەكی سەرەكی لە باكوری دەشتی هێلمەند و هەرێمی بلوجستان بكات. چەندین كەسایەتی و كاربەدەستی باڵای ئەمریكیش ئەمریكایان لە ئەنجامە مەترسیدارەكانی بایەخدان بەچاندنی ماددە هۆشبەرەكان لە ئەفغانستان ئاگاداركردووە یەك لەوانە (دەیڤد مەستۆ- David Musto) كە ئەندامی (ئەنجومەنی ستراتیژی خراپ بەكارهێنانی ماددە هۆشبەرەكان) بووە، جەختی لەسەر ئەوەكردەوە :" لە چوارچێوەی جەنگی جیهادییەكان دژبە سۆڤێت، ئێمە بۆ بایەخدان بەچاندنی ماددە هۆشبەرەكان چوینە ئەفغانستان،" پاشان چەندین كاربەدەستی باڵای وەزارەتی دەرەوە هۆشداریان لە بایەخدانی ئەمریكا بەچاندنی ماددە هۆشبەرەكاندا، بەڵام ژمارەیەك لە پلاندارێژەرانی ئەمریكا جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە، كە ماددە هۆشبەرەكان،

چەکێکی کاریگەرە و دژ بە سوپای سۆڤێت لە ئەفغانستان بەکاردەهێنرێت (MacDonald.D, 2010:pp89-91 ) هەرچەندە ئیدارەی ڕێگان بەوردی ئاگاداری چاندن و بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی بازرگانی بوو بە مادده هۆشبەرەکان، کە بە پێی یاسای نێو دەوڵەتی ماددەیەکی قەدەغە کراو بوو، بەڵام ئەمریکا نەیدەویست بە دەربڕینی ناڕەزاییەك مەترسی بۆسەر ئەو چەکە کاریگەرە لە ئەفغانستان دروست بکات، لە ساڵی (1979) بەدواوە چاندن و بەرهەمهێنانی ئەفیون (15) جار لەساڵانی ڕابردوو زیاتری کرد، پەرەسەندنی چاندنی مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان بۆ کۆمەڵێك فاکتەر دەگەڕایەوە، کە لە گرنگترینیان بریتی بوو لە : بڵاوبوونەوەی لەڕادەبەدەری هەژاری، نەبوونی ئەلتەرناتیف بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، دارمانی ژێرخانی ئابوری وڵات، بەردەوامی قەیران و چەقبەستوویی دۆخی سیاسی وڵات (Shanty.F, 2004:P27).

( هەروەها ئەو گەندەڵییە بەرفراوانەی حکومەتی کابوڵی گرتبوویەوە، ببووە هۆی ئەوەی کە سنوردارکردن و نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لەژێر دەسەڵاتی حکومەت دەربچێت. ( Jones.G and Munoz.A, 2010:p20 ) لەناوەندی دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەوە چاندن و بەرهەمهێنانی ئەفیون لە ئەفغانستان بەشێوەیەکی لەبەرچاو پەرەی سەند، تا ساڵی (1990) بڕی بەرهەمهێنانی ئەفیون گەیشتە (2000) مەتر_تۆن، لە ساڵێکدا. (Fukuyama.F, Nation Building …, 2006: P109 )) بەمشێوەیە چاندن و بەهەمهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان بووە دیاردەیەکی ئاڵۆزی وەها کەلەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش نەتوانرا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، هەوڵەکانی حکومەتی کابوڵیش زۆر لەوە لاوازتر بوون تا بتوانێت ڕێگە لەتەشەنەسەندنی مادده هۆشبەرەکان بگرێت.( Shanty.F , 2004:P41)

لەم قۆناغەی جەنگی سۆڤێت لە ئەفغانستان یەك لەو حاڵەتانەی بووە دیاردە، بابەتی تەشەنەسەندنی مادده هۆشبەرەکان بوو، پێشتریش ئەم کشتوکاڵە لە ئاستێکی سنورداردا لە ئەفغانستان و ژمارەیەك لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بوونی هەبوو، بەڵام کۆی کاریگەریە نێگەتیفەکانی جەنگ لەسەر کشتوکاڵ و پرۆژەکانی ئاودێری و ژیانی جوتیاران، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پەرەسندنی بەرهەمهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستان دروست کرد، لە پەرەسەندنی چاندنی مادده هۆشبەرەکانیش هەریەك لە سۆڤێت و ئەمریکا تاوانباری یەکەمن، چونکە سۆڤێت بە کاولکردنی کەرتی کشتوکاڵی و بڵابوونەوەی هەژاری لە نێو خەڵکانی گوندنشین و ئەمریکایش بە چاوپۆشی کردن لە پەرەسەندنی ئەم بەرهەمو بەکارهێنانی دژبەسوپای سۆڤێتی، گەورەترین ڕۆڵیان لە زۆربوونی چاندنی ئەم جۆرە کشتوکاڵە لە ئەفغانستان هەبوو، لەکاتێکیشدا سۆڤێت و سەرکردەباڵاکانی ئەو ڕاستیەیان دەزانی کە ئەم ماددەیە چ کاریگەریەکی نێگەتیڤی بۆسەر مۆراڵی سەربازانی سۆڤێتی دروست کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هیچ هەوڵ و هەنگاوێکیان بۆ چارەسەر و بەرگرتن لێی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك لەسەرکردە باڵاکانی بۆ نێو خودی وڵاتەکەی خۆیان بازرگانیان پێوە دەکرد، ئەمریکایش نەك هیچ هەنگاوێکی بۆ کەمکردنەوە و سنوردارکردنی کشتوکاڵی ئەفیون نەبوو، بەڵکو بە پلانی تایبەتی سەرپەرشتی پەرەپێدانی ئەم جۆرە کشتوکاڵەی لە ئەفغانستان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا بڕێکی زۆری دیکەی ماددەی هۆشبەری ڕەوانەی ئەفغانستان دەکرد و بە نرخێکی کەمیش دەیگەیاندە دەستی سەربازانی سۆڤێتی، لێرەدا و بە بەراورد بەساڵانی ڕابردوو ئەمریکا بەهەموو شێوەیەك دژایەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن سۆڤێتەوە دەکرد، چونکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەکێکی قەدەغە کراو بوو، بەڵام بایەخێکی گەورەی دا بە بڵاوبوونەوەی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی مادده هۆشبەرەکان، کە لەهەمان کاتدا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ماددیەکی قەدەغەکراوە.لەسەر ئاستی نێوخۆیی ئەفغانستانیش، پەرەسەندنی ئەم جۆرە کشتوکاڵە لەوە تێپەڕی کردبوو کە بە گروپە ئیسلامیەکان و حکومەتی کابول کۆنترۆل بکرێت، لە بەر ئەوە چاندنی ئەم جۆرە لە کشتوکاڵ لەساڵانی دوای جەنگی سۆڤێتەوە بەشێوەیەکی بەربڵاوتر تەشەنەسەندنی بەخۆوە بینی.

سوتان و لەناوبردنی ژمارەیەکی دیار لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان و کێڵگەکانی دانەوێڵە، کێشەی کەبوونەوەی سەرچاوەکانی خۆراکی لە گەڵێك لە ناوچەو هەرێمەکاندا دروستکرد.( N.E.S.A Directorate of Intelligence, 1999:p5 ) کەمبوونەوەی خۆراکیش برسێتی و گرانبوونی خۆراکی بەدوای خۆیدا هێنا.( Department of Immigration and Citizenship: 2012:P14. لەلایەکی دیکەوە جەنگ لە ئەفغانستان بووە هۆی پەکخستنی ناردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.( Marine Corps Institute:p9) بەهۆی کۆچی بەرفراوانی جوتیارەکانیشەوە بەرەو ناوەندی شارەکان و وڵاتانی دراوسێ، بەم هۆیەشەوە ناوەندی شارەکان ڕووبەڕووی کەمی خۆراك و سەوزەو میوە بوویەوە، کە دەبوو ئەم پێداویستیە خۆراکیانە لەلایەن سۆڤێتەوە پڕبکرێتەوە، بەڵام دوای پاشەکشەی سۆڤێت حکومەتەکەی نەجیبوڵڵا ڕووبەڕووی قەیرانی

دابینکردنی خۆراك لەناوەندی شارەکاندا بوویەوە، نرخی خۆراکیش (10-5)هێندە بەرز بوویەوە و زۆر بەخێراییش نرخی دراوی ئەفغانی بەرامبەر بەدۆلار دابەزی، بەجۆرێك (1)دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (1000) ئەفغانی بوو، بەمەش دراوی ئەفغانی تووشی هەڵکشانێکی گەورە بوو، لەم قۆناغەشدا هاوکاریە ئابوریەکانی ئەمریکا و سعودیە بۆ ئەفغانستان وەستابوو، سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی ئەفغانستانیش لەپێناو بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و سەربازی خۆیان دەستیان بەسەر بەشێکی گەورەی داهاتە ئابوریەکانی ئەفغانستاندا گرتبوو، لەهەمان کاتدا بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان بەکاریان دەهێنا. Rubin.R , 2000: P4)) جگەلە بەرهەمی کشتوکاڵ، جەنگی سۆڤێت کاریگەری گەورەی لەسەر کەمبوونەوەی سامانی ئاژەڵیش دروست کرد، چونکە لەماوەی ساڵانی جەنگدا زیاد لە (500,000) ئاژەڵی ماڵی بەهۆی جەنگەوە لەناوچوون.( Otfinoski.S ,2004:p29) بەشێوەیەك تا ساڵی (1988) (60%-56%)ی سەرووتی ئاژەڵی مەڕو بزن و (47%)ی گاو مانگا و (45%)ی ئەسپ و (24%)ی هێستر لەناوچوون (Wesa.T , 2002:p15)

هەروەها ئەو زیانە گەورەیەی بەر کەرتی پیشەسازی و کارگەرگەکان کەوتبوو لەو زیانە گەورەتر بوو کەر بەر کەرتی کشتوکاڵ کەوتبوو، لەگەڵ ئەوەی کەرتی پیشەسازی کەرتێکی بچوك بوو، بەڵام زیانی گەورە بەر ئەم کەرتە بچوکە کەوتبوو، چونکە ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی کارگەکانی ئەفغانستان ئاوارەبوون بۆ ئێران و پاکستان یان چوونە ریزی گروپە جیهادییەکانەوە، لەهەمان کاتدا پەلامار و هێرشەکانی هێزە جیهادییەکان ببووە هۆی وەستان و پەکخستنی ژمارەیەکی دیار لە پرۆژە پیشەسازییە نوێیەکان، تەنانەت ژمارەیەکیش لە کارگەو پرۆژەکان بە تەواوەتی لەکارکەوتن، لە دیارترینیان: کارگەی چیمەنتۆی هیرات، کارگەی بەرهەمە شیرییەکانی هیرات، کارگەی بەرهەمە شیرییەکانی قەندەهار، کارگەی شەکر و ژمارەیەك پرۆژەی ئاودێری، هەروەها زیانی گەورە بەر کەرتی کارەبا و وێستگەکانی کارە لە ئەفغانستان کەوت. Amstutz.J,1986:p245)) بە پێی لێکۆڵینەوە جیۆلۆجیەکان ئەفغانستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی سروشتی و سەرچاوەکانی وزە، هەروەها یەکێکە لەو وڵاتانەی دەوڵەمەندە بە گاززی سروشتی ،( Kuo.S, 2012: p2 ) تا ساڵی (1979) کۆی ئەو کێڵگە گازیانەی کە سۆڤێت لەباکوری ئەفغانستان دۆزیەوە، رۆژانە توانای بەرهەمهێنانی (250,000) م$^4$ گازی سروشتی هەبوو، ساڵی (1985) ئەفغانستان (2.5,000,000,000)م$^4$ گازی سروشتی ڕەوانەی سۆڤێت دەکرد،( Kakar.M, 2006:P41) تا ئەم قۆناغەیش (90%)ی گازی سروشتی ئەفغانستان بە سۆڤێت دەفرۆشرا. (N.E.S.A Directorate of Intelligence, 1999:p15 ) بەڵام بەشێکی زۆری داهاتی گازی سروشتی بۆ دانەوەی قەرزەکانی سۆڤێت و خەرجی سوپای سۆڤێتی و یان بۆ بواری سەربازی حکومەتی کابوڵ تەرخان دەکرا. ،( Kakar.M, 2006:P41) تا ساڵی (1989) (29) کێڵگەی گاز و پەترۆل کاری بەرهەمهێنانی سوتەمەنیان تێدا دەکرا، کە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی (150,000,000) بەرمیل پەترۆل و (4500)ملیار-م$^4$ گازی سروشتیان هەبوو. بەڵام دوای پاشەکشەی سوپای سۆڤێتی ژمارەیەك لە سەرکردە خێڵەکیەکان دەستیان بەسەر سامانە سروشتییەکانی وەك گاز و پەترۆل لە ناوچەکانی باکوری ئەفغانستان گرت، ئەمەش کاریگەری گەورەی لەسەر خراپتر بوونی دۆخی ئابوری نێوخۆیی کرد.( Strand.A and Others.....,2010: p8) هەروەها لەژێر کاریگەرییەکانی جەنگدا زۆربەی کێڵگەکانی پەترۆل و گاز زیانی گەورەیان بەرکەوت. ( Amstutz.J,1986:p245 ). تەنانەت ژمارەیەك لەو کێڵگانە لەئەنجامی جەنگدا بوونیان نەما. ( Goodson.P , 2001:P6) لە ئەنجامیشدا سێکتەری پیشەسازی و خزمەتگوزاری کە (23.78%)ی کۆی داهاتی نیشتیمانی ئەفغانستانی پێکدەهێنا تووشی تێکشکانی گەورە بوو . ( Ma- rine Corps Institute:p9)

تا ساڵی (1989)لایەنەکانی گواستنەوە و گەیاندنیش لە ئەفغانستان لەژێر کاریگەرییەکانی جەنگدا توشی تێکشکانی گەورە بوون، چونکە (25%-33%)ی کۆی رێگا قیرتاوکراوەکانی ئەفغانستان تێکچوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری سیستەمی پەیوەندییەکانی وەك تەلیفۆن و تەلەگراف توشی پچڕان بوون، سیستەمی پۆستەو نامە بردنیش لەنێوان شار و ناوچە جیاوازەکاندا پێویستی بە پاڵپشتی و پاسەوانی سەربازی توند هەبوو. (Wesa.T , 2002:p92) هەروەها سەرچاوەکانی دابینکردنی ئاو و کارەبا و فڕۆکەخانەکانیش توشی تێکشکانی گەورە بوون، حکومەتی کابوڵیش لەکاتی خۆیدا توانای چاککردنەوە یان دروستکردنەوەی ئەم ناوەندانەی نەبوو، ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکانی پسپۆر و ئەندازیار و میکانیك و.....هتد بەتەواوەتی بەرەو وڵاتانی دیکە کۆچیان کرد. (Wesa.T , 2002:p10)

یەکێکی دیکە لەو لایەنانەی رووبەڕووی کاریگەری و مەترسییەکانی جەنگ بوویەوە، ژینگەی ئەفغانستان بوو، لەگەڵ ئەوەی ژینگەی

وڵات توشی پیس بوون بوو، دارستانەکانی ئەفغانستانیش توشی زیانی گەورە بوون، بەجۆرێك لە هێندێك ناوچە (100%)ی دارستانەکانی لەناوچوون. (Tanner.S , 2003:P255) لەسەر ئاستی کۆی ئەفغانستانیش (4,365,000)کم² ڕووبەری دارستان لەناوچوو. ( Otfinoski.S 2004:p29 ,) هەروەها سۆڤیێت کانی و سەرچاوەکانی ئاوی ژاراوی دەکرد، ئەم کردەیەی سوپای سۆڤیێتی بووە هۆی کوژران و بڵاوبوونەوەی چەندین جۆر نەخۆشی لە ژمارەیەك لە هەرێم و ناوچەکاندا. ،(Kakar.M, 2006:P41 ) چونکە سوپای سۆڤیێتی، جگەلە بەکارهێنانی چەندین جۆر چەکی کیمیاوی لە شێوەی دوکەڵ و بۆمبی فسفۆر لە ژینگەی ئەفغانستاندا ، لەگەڵ ئەوەشدا کیمیاوی و گازی ژاراوی دەکردە نێوکانی و کانیا و سەرچاوەکانی ئاو و دانەوێڵە و گەنم و جۆوە، ئەم کردەیەی سۆڤیێت جگەلە ژینگە و خەڵکانی مەدەنی، تەنانەت کاریگەری خراپی لەسەر ئاژەڵانیش بەجێهێشت.( Afghanistan Justice Project (A.J.P), 2005:PP42-43)

لەلایەکی دیکەوە لەدەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستدا ئەفغانستان بووە یەکەم وڵات لەسەر ئاستی جیهان کەزۆرترین مین لەسەر خاکەکەی چێنرا بوو.( Bolton.M, 2010:p8) مین بووە هۆی کەمئەندامبوونی (2,000,000) کەس لە هاوڵاتیانی ئەفغانستان، لە هەر (8) کەسی کۆمەڵگای ئەفغان، (1)کەس بەهۆی مینەوە کەمئەندام بوو، لەوژمارەیەی قوبانی مینیش (20%)واتە نزیکەی (400,000)کەسیان بە تەواوەتی پەکیان کەوت،( Kakar.M, 2006:P41) و تا کۆتایی سەدەی بیستیش ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی مین و پاشماوەکانی مینی ساڵانی جەنگەوە گیانیان لەدەستدا، گەیشتە نزیکەی (1,000,000)هاوڵاتی.( Bahman and Palmer.L, 2004:P7) بەدرێژایی ساڵانی جەنگیش، سۆڤیێت و حکومەتی کابوڵ نزیکەی (30,000,000) مینیان لەسەر خاکی ئەفغانستان دانا . (Goodson.P , 2001:P6. ) لە ئەنجامی مینرێژکردنی ئەفغانستانیش بەو شێوە بەرفراوانە، شاری قەندەهار نەك لەسەر ئاستی ئەففانستان ،بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان بووە یەکەم شار کە زۆرترین پرۆسەی مینرێژکردن گرتبوویەوە.( Rashid.A, 2001: p20) بەهۆی زۆری ژمارەی مینیشەوە، لەدوای پاشەکشەی سۆڤیێت، (10,000)کارمەند بەشداریان لە هەڵگرتنەوەی مین لە ئەفغانستان کرد. ( Bolton.M, 2010:p8)

لە ئەنجامدا جەنگی سۆڤیێت بووە هۆی هەڵتەکانی ژێرخانی ئابوری ئەفغاستان، بەجۆرێك زۆرینەی ئەو پرۆژە و پەرەسەندنە ئابوریانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە ئەفغانستان بونیاد نرابوون زۆرینەیان کاول بوون یان بوونیان نەما، لەچوارچێوەی زیانەکانیشدا کۆی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی زیانی گەورەیان بەرکەوت، بەهۆی زیانی ئەم کەرتانەشەوە حکومەتی کابوڵ ڕووبەڕووی چەندین کێشەی گەورەی ئابوری بوویەوە، چونکە ئەفغانستان لەیەك کاتدا توشی هەڵایسان و بەرزبوونەوەی نرخی شمەك بوویەوەوە، لەهەمان کاتدا توشی کورتهێنانی بودجە بوویەوە، بۆ چارەسەری کۆی ئەم قەیرانانەش حکومەت قەرزی دەرەکی دەکرد، کەمی خۆراك و دابەزینی بەرهەمی کشتوکاڵیش جارێکی دیکە وای لەحکومەت کرد کە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە نێوخۆییەکان خۆراك لە دەرەوە هاوردەبکات، ئەمەش جارێکی دیکە کاریگەری گەورەی کردە سەر لاسەنگی تەرازووی بازرگانی و کەڵەکەبوونی قەرزی زیاتر لەسەر حکومەتی ئەفغانی، کۆی جەنگ و هێرش و پەلامارەکانیش لە لایەن سوپای سۆڤیێت و حکومەتی کابوڵ و هێزە جیهادیەکان سەرجەمیان بەزیانی ئابوری گەورەی ئەفغانستان شکایەوە، سۆڤیێتیش بە درێژایی سەدەی بیست چەندە ڕۆڵی لە بونیاد نانی پرۆژە ئابوریەکانی ئەفغانستاندا هەبوو، دەیان هێندەیش ڕۆڵی لە دارمانی ژێرخانی ئابوری ئەفغانستاندا هەبوو.دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیش تەنها بۆ بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی خۆیان و تێکشکانی سۆڤیێت بوو لە ئەفغانستان.دوای هەموو ئەو کاولکاری و دارمانی ژێرخانە ئابوریەش، ئەمریکا بەبێ بوونی هیچ پرۆژە و هاوکاریەکی دارایی ئەفغانستانی بەجێهێشت، کۆی ئەو پرۆژەو هاوکاریە داراییانەی ئەمریکا لە ساڵانی پێش داگیرکاری سۆڤیێت لە ئەفغانستان هەیبوو، تەنها بەشێك بوو لە ململانێکانی لەگەڵ پرۆژە و هاوکاریە داریەکانی سۆڤیێت.

## (3-1) کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان:

لە ماوەی (10)ساڵی جەنگ لە ئەفغانستان (1,242,000) کەس لە ئەفغانستان کوژران، زیاد (80%)ی ئەو ژمارەیەش خەڵکانی مەدەنی بوون. (Boudreau.S , 2005:P3) کە (873,825) کەس بوون.( . (Goodson.P , 2001:P6. ) جگەلە ئەو ژمارە زۆرەی کوژراو، سەدان هەزار کەس بریندار بوون، (80%)ی برینداەکانیش خەڵکانی مەدەنی بوون. (Tanner.S , 2003:P255) جگەلە هێرش و پەلامارەکانی سۆڤیێت و

حکومەتی کابوڵ، لە ئەنجامی هێرش و پەلامارەکانی هێزە جیهادییەکان بۆسەر شار و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی کابوڵ و سۆڤێت نزیکەی (60,000) هاوڵاتی مەدەنی کوژران.( Benish.A: P44) زیاد لە (20,000) سەربازی (D.R.A) لەماوەی جەنگی سۆڤێت لە ئەفغانستان کوژران.( Margolis.S, 2001:P47)

بە پێی ئامارێکی لێکۆڵینەوەی رۆژئاوایش، (48%)ی قوربانیەکان بەهۆی بۆردومانی ئاسمانی و (33%)بەهۆی پێکان بە گوللە و (12%) بەهۆی تۆپباران و (3%) بەهۆی مینەوە بوو.( Baumann.F, 1993:P136) سەرەڕای بەرزبوونەوەی رۆژ لەدوای رۆژی ژمارەی کوژراو و برینداەکانی جەنگ، بەڵام لەماوەی ساڵانی جەنگدا (60%)ی کۆی نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستیەکانی ئەفغانستان بەتەواوەتی کاول بوون.( Raffray.M , 2008: p37) ئەمەش بووە هۆی کەمی و سنورداری چارەسەرە پزیشکیەکان لە گەرمەی جەنگەکاندا، لەبەر ئەوە زۆرینەی برینداەکانی کاتی جەنگیش گیانیان لەدەست دەدا.( N.E.S.A, 1999:P5) بەشێوەیەکی گشتیش زیاد (50%)ی خێزانەکانی کۆمەڵگای ئەفغان توشی کوژران یان بریندار بوون یان ئاوارە بوون و ماڵ کاول بوون . (Goodson.P , 2001:P6 ) لە کۆی قوربانییەکانی جەنگیش زیاد (300,000)یان منداڵ بوون، (Noorzoy.M :P81) چونکە لە نێوان ساڵانی (1980-1985) لەکۆی منداڵانی تازە لەدایك بوو (180,000)کۆرپە گیانیان لەدەست دا (40,000) کۆرپەیش لە ژیاندا مانەوە، (Noorzoy.M :P8) لە (1985-1990) (175,000) کۆرپە گیانیان لەدەستدا و نزیکەی (40,000)کۆرپەیش لەژیاندا مانەوە، لەلایەکی دیکەوە هێزی ئاسمانی سۆڤێتی لەو ساڵانەی جەنگدا ژمارەیەکی زۆر مینی لەشێوەی یاری منداڵاندا بەسەر ناوچەو هەرێمەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزە جیهادییەکاندا فڕێ دەدایە خوارەوە، ئەمەش بووە هۆی کوژران یان کەمئەندامبوونی ژمارەیەك لە منداڵانی ئەفغانستان. (Noorzoy.M : P81) بەمشێوەیە و لەسایەی جەنگدا بە شێوەیەکی گشتی رێژەی گەشەسەندنی دانیشتوان لە ئەفغانستان لە (1980-1985) (2-%) بوو، لە (1985-1990)ش (0.5%)بوو. (Shanty.F , 2004:P41)

لەسەروبەندی کۆتایی جەنگدا بەشێکی دیار لە ئاوارەکانی نێو پاکستان و ئێران بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ بۆ ئەفغانستان دا، بەڵام ئەوان گەڕانەوە وڵاتێك کە هەرچی ئابوری پێش جەنگ بوو زۆرینەی تێکشکابوو، هەژاری بەشێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەی سەندبوو، کێڵگە کشتوکاڵیەکان و کارگە و ناوەندە پیشەسازیەکان تێکشکابوون، بەشێکی دیکەی زەویە کشتوکاڵییەکان بە مین چێنرا بوون. وڵاتێك لەدۆخی بۆشایی یاسایی دەژیا، توندوتیژی و جەنگ بەردەوام بوون، تێکشکانی زۆرینەی بنەما ئابوری سیاسەکانیش، تێکشانی لایەنی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا. (Shanty.F , 2004:PP28-29 ) بەڵام ئەو جەنگە نێوخۆییەی لە ساڵی (1989) و دوای پاشەکشەی سوپای سۆڤێت لە نێوان هێزە جیهادیەکان خۆیان و هێزە جیهادییەکان و حکومەتەکەی نەجیبوڵلادا دروست بوو، جارێکی دیکە بووە هۆی دروستبوونی لێشاوێکی دیکەی ئاوارە بوون لە ئەفغانستان،( Jones.G and Munoz.A, 2010:p20 ) لەسەروبەندی جەنگی دەستبەسەرداگرتنی کابوڵیشدا لەلایەن هێزە جیهادییەکانەوە، لە (نیسانی/1992)دا جگەلە کوژرانی (1800)هاوڵاتی مەدەنی شارەکە، (500,000)دیکەیش لە شارەکە و دەوروبەری ئاوارە بوون.( Mason.W, 2011: P89) تا ساڵی (1990) (6.2,000,000) کەس لە دانیشتوانی ئەفغانستان ئاوارە بوون، بەشێوەیەکی سەرەکیش ئەم ئاوارانە لە پاکستان و ئێران دەژیان. .( Maley .W, 2002:P157) بەو پێودانگەیش بەدرێژایی دەیەی هەشتاکان ئەفغانستان یەکەم وڵات بوو لەسەر ئاستی جیهان کە زۆرترین ئاوارەی لەدەرەوەی سنوری وڵاتەکەی خۆی هەبوو. (Goodson.P , 2001:P6 ) لەسەر ئاستی نێوخۆی ئەفغانستانیش (2.2,000,000) هاوڵاتی بێلانە و ئاوارە بوون.( Kamrany.M : P79) ئاوارە بوونی نێوخۆییش بووە هۆی تێکچونی دیمۆگرافیای ئەفغانستان، بۆ نمونە ژمارەی دانیشتوانی کابوڵ لە ساڵی (1978) (600,000)کەس بوو، بەڵام بەهۆی کارێگەرییەکانی جەنگ و کۆچی نێوخۆییەوە لە ساڵی (1988) ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە بۆ (2,000,000)کەس زیادی کرد. (Saikal.A and Maley .W,1989:P49)

زیاد (70%)ی ئاوارەکان لە خانوی بچوکی لەقوڕدروستکراو دەژیان، دروستکردنی ئەم خانووە قوڕانەش وایکردبوو دەیان گوندی قەرەباڵغ و گەورە لە سنوری پاکستان دروست ببێت، ئەم ئاوارانە لە کەمپدا نەدەژیان، بەڵکو لە پێناو دابینکردنی گوزەرانێکی باش بۆ خۆیان ڕێگەیان پێدرا بوو بۆ ئەوەی هەموو جۆرە کارێك لە سنوری پاکستاندا بکەن. حکومەتی پاکستان هاوکاری ئاوەرەکانی دەکرد، بەڵام زۆرینەی دانیشتوانی پاکستانی نزیك لە ئاوارەکان، بە هاتنی ئەم ئاوارانە بێزار و نیگەران بوون، چونکە ژیانی بەشێك لە خەڵکی پاکستانیان خستبووە مەترسیەوە،

كاریان دەكرد بەنرخێكی هەرزانتر، لە هەندێك ناوچە دۆخی هەلایسانی ئابوریان دروست كردبوو، لە ناوچەكانی باكوری رۆژئاوای پاكستانیش ئەم ئاوارانە قەرەباڵغیەكی وەهایان دروست كردبوو، بەجۆرێك ژمارەیان یەكسان بوو بە ژمارەی دانیشتوانی ئەو هەرێمانەی پاكستان.لە ئەنجامی خراپی ژیانیشیان، ساڵانە چەندین ئەفغانی لە نێو شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەكان گیانی لەدەست دەدا.( Amstutz.J,1986:P229)

ئەم دۆخەیش بووە هۆی دروست بوونی ناسەقامگیری كۆمەڵایەتی بەشێوەیەكی بەرفراوان، كە لە ئەنجامی كۆچی نیوخۆیی و نیشتەجێبوونیان لە سنوری ناوچەی خێڵەكانی دیكە یان ڕاگواستنی خەڵكی بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە لایەن حكومەتی كابوڵەوە و نیشتەجێكردنیان لە هەرێم و ناوچەی دیكە، زنجیرەیەك شەڕو پێكدادانی لە نێوان خەڵكی هۆزو خێڵەكانی ئەفغانستان دروست كرد، لەو چوارچێوەیەشدا كاریگەرییەكانی جەنگ، بووە هۆی باڵادەستی و زاڵبوونی زیاتری گیانی خێڵەكی لەنێو كۆمەڵگای ئەفغانیدا. ،( Jones.G and Munoz.A, 2010:p20 )

لە دەیەی هەشتاكانی سەدەی بیستیشدا لە ئەنجامی تێكشكانی دەزگا و هێزە نیشتیمانییەكان لە ئەفغانستان بەتایبەتیش هێزەكانی ئاسایش و پۆلیس، تارادەیەكی زۆر میلیشیا خێڵەكییەكان جێیان گرتنەوە، لەدوای كۆتایی جەنگیشەوە، ئەم میلیشیا خێڵەكیانە چەندین كێشەیان دروست كرد، بەجۆرێك كاریگەری نێگەتیڤیان بۆسەر كۆمەڵگای ئەفغانی هەبوو(Kelly.K, Bensabe.N, Oliker.O, , 2011:P2). میلیشیا خێڵەكیەكانیش ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەیان لەزیادبووندا بوو، بەجۆرێك تا كۆتایی دەیەی هەشتاكان ژمارەی كەسانی سەربە میلیشیا خێڵەكیەكان گەیشتە (50,000)، ئەم میلیشیا خێڵەكیانە لەدەیەی نەوەدەكانیشدا مانەوە(Kelly.K, Bensabe.N, Oliker.O, , 2011: P30). تەنانەت ژمارەیەك لە خێڵەكانی ئەفغانستان كە هاوكاری حكومەتیان دژبە هێزە جیهادییەكان دەكرد، مەبەستی سەرەكیان لەو هاوكاریە ئەوە بوو كە چەك و شمەك و پارە لەحكومەت وەرگرن و پاشان خۆیانی پێ بەهێز بكەن لەبەرامبەر ئەو خێڵانەی لە شەڕو ناكۆكیان لەگەڵیاندا هەبوو. ((Lyakhovskiy.A , 2007:P4

تەنانەت پرۆسەی سەربازی سۆڤێت كاریگەری لەسەر گۆرانی و سرودە ئەفغانیەكانیش بەجێشێت، بەجۆریك بەشێكی دیاری گۆرانیە فۆلكلۆریەكانی كۆمەڵگای ئەفغان بوونە گۆرانی دژە داگیركاری سۆڤێت و لەسەر كاسێت بەنێو خەڵیدا بڵاو دەبوونەوە، یەك لە كاسێتە بەناوبانگەكانیش كاسێتی شاعیری ئەفغانی (رەفیق جان) بوو، كە گۆرانی سرودەكانی نێو ئەو كاسێتەی بەشێوەیەكی بەربڵاو بەنێو هێزە جیهادیەكاندا بڵاو ببوویەوە. (Miakhel.S,2002:p57 )

دواجار لەژێركاریگەرییەكانی جەنگی سۆڤێت لە ئەفغانستان، كۆمەڵگای ئەفغان بووە كۆمەڵگایەكی تێكشكاوی دوای جەنگ، زیانە كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەكانیش، كۆمەڵگای ئەفغانیان توشی دارمانێكی گەورەی مرۆیی كرد، چونكە لەگەڵ كوژرانی ئەو ژمارە زۆرە لە خەڵكی ئەفغانستان، بەشێوەیەكی بەرچاویش ژمارەی بێوەژن و منداڵی هەتیو لەنێو كۆمەڵگای ئەفغانیدا بەرز بوویەوە، بێوەژن و منداڵی هەتیویش پێوستی بە چاودێریەكی گەورەی كۆمەڵایەتی هەیە، لەلایەكی دیكەوە و لەگەڵ تێكشكانی زۆرینەی پرۆژە ئابوریە كشتوكاڵی و پیشەسازییەكانی ئەفغانستان، كوژانی ئەو ژمارە زۆرە لە لاوانی ئەفغان سەرجەمی لەناوچونی دەستی كار بوون لە وڵاتدا، لەگەڵ هەموو ئەو زیانە كۆمەڵایەتی و مرۆییانەدا هێز و گروپە چەكارەكان و میلیشیا خێڵەكیەكان بوونە جێگرەوەی دامودەزگا حكومی و دادگاكان، هەر لەم قۆناغەدا یەك لەو كێشە گەورانەی دیكە لە نێو كۆمەڵگای ئەفغاندا دروست بوو بڵاوبوونەوەی چەك بوو بە نێو خێڵ و هۆزە ناكۆكەكاندا، ئەمەش بووە هۆی قولكردنوەی زیاتری شەڕو ناكۆكی و ململانێ خێڵەكیەكانی ، كۆمەڵگایەكی تێكشكاوی بەم جۆرەیش، ئەستەمە دادگەری و حوكمی یاسای تێدا بچەسپێنرێت، ئەو بۆشایی یاساییەشی لە ئەنجامی كاریگەرییەكانی جەنگدا دروست بوو، هێزە چەكدارەكان و میلیشیا خێڵەكییەكان بوونە جێگرەوەیان. لە لایەكی دیكەوە كۆچی بە لێشاوی نێوخۆیی و دەرەكی بووە هۆی تێكچوونی دیمۆگرافیای كۆمەڵگای ئەفغان، ئەمەش جارێكی دیكە كێشەو ململانێ خێڵەكیەكانی زیاتر كرد، چونكە خێڵ و هۆزەكانی ئەفغان نەیاندەهێشت خێڵ و هۆزێكی دیكە لەسنوری نیشتەجێبوون و لەوەرگای ئەواندا نیشتەجێ ببێت، لە كاتی نیشتەجێ بوونشیاندا شەڕو ناكۆكی لێ دەكەوتەوە.لەدوای پاشەكشەی سۆڤێتیشەوە كۆمەڵگای ئەفغان پێویستیەكی گەورەی بە بوژانەوەی كۆمەڵایەتی و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابوری و دامەزراندنەوەی دامودەزگا حكومیەكان بەگشتی و دادگاكان بە تایبەتی هەبوو، بەڵام ئەمریكا وەك دەوڵەت هیچ كاریگەرییەكی لەسەر سەرلەنوێ بوژانەوە و بونیادنانەوەی دۆخی تێكشكاوی كۆمەڵایەتی و مرۆیی ئەفغانستان نەبوو، لەكاتێكدا و لەساڵانی جەنگ لەگەڵ سۆڤێتدا ئەمریكا ڕۆڵی گەورەی لە هاوكاری ئاوارەكانی

ئەفغانستان لە کەمپەکانی پاکستان هەبوو، چونکە ئەم ئاوارانە سەرچاوەی گەورەی زیادکردنی ژمارەی جەنگاوەری نێو هێزە جیهادییەکان بوو، بەڵام دوای کۆتایی جەنگی سۆڤێت، ئەمریکا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بەو ئاوارانە نەدا کە گەڕانەوە سەر وڵاتێکی کاول و ئابورییەکی داڕماو، چونکە لێرە بەداوە ستراتیژی ئەمریکا لەبەکارهێنانی هێزە جیهادییەکان دژبە سۆڤێت کۆتایی هات، لە هەمان قۆناغدا ئەمریکا تا بەرزترین ئاست توانا مرۆییەکانی کۆمەڵگای ئەفغانستانی بۆ تێکشکانی سۆڤێت بەکار هێنا، لەبەر ئەوەش بوو لە تێکشکانی سۆڤێتدا، ئەفغانستان و کۆمەڵگای ئەفغان گەورەترین زیانی کۆمەڵایەتی و مرۆییان پێگەیشت.

### (1-4) کاریگەرییە پەروەردەیی و فەرهەنگییەکان:

لەژێر کاریگەری بە سۆڤێتیکردنی پرۆگرامی خوێندنی ئەفغانستاندا، (U.S.A.I.D)ش لەڕێگەی هاوکارییەکانی بۆ وەزارەتی پەروەردەی ئەفغانستان و نوێکردنەوە و چاپ کردنی کتێبەکانیان، دەیویست پرۆگرامی خوێندنی ئەفغانی لە کاریگەری پرۆگرامی خوێندنی سۆڤێت بەدور بگرێت، مامۆستایانی زانکۆی کۆڵۆمبیاش لە ئەمریکا گەورەترین ڕۆڵیان لەم پرۆسەیەدا هەبوو، لە لایەکی دیکەوە ئەمریکا هاوکاری بۆ چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ژمارەیەك لە خوێندنگا ڕوخاوەکان کرد، بەڵام لە مانگی (تەموزی/1981)دا وەزارەتی پەروەردەی ئەفغانستان کۆی هاوکارییەکانی (U.S.A.I.D) بۆ بواری پەروەردە لە ئەفغانستان ڕاگرت. لەساڵانی پێشتروە سۆڤێت دەستی بە وەرگێڕان و چاپکردنی پرۆگرامی خوێندنی سۆڤێتی و دانانیان لە خوێندنگەکانی ئەفغانستاندا کردبوو، سۆڤێتیش بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم پرۆسەیە (20) پسپۆری تایبەتی خۆی دانابوو، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی کابوڵیش کەوتە دژایەتی کردنی کاریگەری پرۆگرامە ئەمریکیەکە و هەوڵی دەدا پرۆگرامە سۆڤێتیەکە زیاتر زاڵ بکات، تەنانەت ئەم هەنگاوەی حکومەتی کابوڵ ئاستی خوێندنی سەرەتایی و باخچەی منداڵانیشی گرتەوە، گەر بەتەواوەتی بنەبڕیشی نەکردایە، حکومەتی کابوڵ هەوڵی دەدا کاریگەریەکانی ئەمریکا لەسەر پرۆگرامی خوێندنی ئەفغانی بەتەواوەتی کەم بکاتەوە، هەر لەژێر کاریگەری سیستمی خوێندنی سۆڤێتیدا حکومەتی کابوڵ ساڵەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لە (12) ساڵەوە کرد بە (10)ساڵ. (Amstutz.J,1986:P305) بەڵام (50%)ی ئەو خوێندنگانەی پرۆگرامی سۆڤێتیان بەسەردا زاڵ کرابوو لەلایەن هێزە جیهادیەکانەوە کاول کران. (Zalmay Khalilzad, 1988:P102) تا سەرەتای دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیستیش، (60%)ی کۆی خوێندنگاکانی ئەفغانستان(Misdaq.N, 2006:P130) کە ژمارەیان (3261) خوێندنگا بوو، بەتەواوەتی کاول بوون. (Wesa.T ,2002:p11)

زانکۆی کابوڵیش بەجۆرێك کاریگەری جەنگی لەسەر دروست بوو، ژمارەی خوێندکارانی ئەم زانکۆیەش لە (14,000) خوێندکاری ساڵی (1977) وە بۆ (6000)خوێندکاری ساڵی (1984)دابەزی، لە نزیکەی (1027)مامۆستای زانکۆی کابوڵیش زیاد لە (700)یان کوژران یان وڵاتیان بەجێهێشت. (Misdaq.N, 2006:P130) ژمارەیەکیشیان دەستگیر دەکران و دەخرانە نێو زیندانەوە، ژمارەیەکی دیکەیان خانەنشین کران، بەمشێوەیە نزیکەی (80%)ی مامۆستایانی زانکۆی کابوڵ ڕویان لەکەمی کرد، بۆ نمونە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی کابوڵ لە کۆی (30) مامۆستا تەنها (4) مامۆستا مایەوە، زانکۆی نەنگەهاریش بەشێکی بووە جێگای خەڵکانی ئاوارەی ناوچەکانی دەرەوەی شار و بەشێکی دیکەیشی لە لایەن جەنگاوەرانی هێزە جیهادیەکانەوە پێکرا، سەرەڕای کۆی کاریگەریەکانی جەنگ لەسەر زانکۆکانی ئەفغانستان، سۆڤێتیش دەیویست کاریگەری تایبەتی خۆی لەسەر زانکۆکانی ئەفغانستان دروست بکات، بەجۆرێك تا ساڵی (1983) (30%) مامۆستایانی زانکۆکانی ئەفغانستان ڕوسی بوون. بۆ بەرگرتن بە هەژموون و کاریگەریەکانی سۆڤێتیش لەسەر زانکۆکان، (U.S.A.I.D) هەوڵی دەدا لەڕێگەی کردنەوەی بەشی نوێوە کاریگەری تایبەتی خۆی دروست بکات، بەڵام فاکەڵتی پزیشکی دەبوو بچوونایە سۆڤێت بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی کۆتایی بەشەکانیان، بەشی زانستە سیاسیەکانیش کاریگەری گەورەی سۆڤێتی لەسەر بوو، لە بەشی مێژوویش ، مێژووی ڕوسیا و قۆناغەکانی گەشەسەندنی و ڕۆڵی سۆڤێت لە ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستان و بەراوردکردنی بەڕۆڵی نێگەتیڤی وڵاتانی کۆلۆنیالیستی بایەخێکی گەورەی پێ درابوو.( Amstutz.J,1986:P310)

لەنێوان ساڵانی (1981-1986) خوێندنگە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکان لە ئەفغانستان زیانی گەورەیان بەرکەوت، لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران لە خوێندن بێبەش بوون، لەبەر ئەوە زیاد (50%)ی خوێندکاران لە خوێندنگەکاندا کەمیان کرد، هێزە جیهادیەکانیش ژمارەیەکی زۆری ئەو خوێندنگانەیان تێکدا کە خوێندن و پرۆگرامی ڕوسی تێیدا پەیڕەو دەکرا، ژمارەیەکی زۆری خوێندنگای دیکە

بەهۆی مەترسیەکانی جەنگەوە داخران، خوێندنی فەرمیش بەشێوەیەکی گشتی لە شارە سەرەکیەکاندا مابوو. (Wesa.T , 2002:p11) لە ناوەندی ساڵانی هەشتاندا هێزە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان بەو هاوکاریە داراییەی لەوڵاتانی دیکەوە پێیان دەگەیشت، دەیان قوتابخانەیان بۆ منداڵان و لاوە ئیسلامیەکان لە کەمپەکانی پاکستان دامەزراند، لەم قوتابخانانەشدا دەیان لاو پەروەردە دەکران کە دواتر بەشداریان لە جەنگی دژ بە سۆڤێتدا دەکرد.( Crews.D, and Tarzi.A, 2008:p97) چونکە پرۆگرام و پەروەردەی خوێندن لەو خوێندنگایانە پەروەردە و پرۆگرامێکی سەربازی بوو، بەشێکی دیاری مامۆستای وانەکانیش سعودی و پاکستانی و ئێرانی بوون.( شویر، مایکل،2005: ص106) ئەمریکایش لەلایەن خۆیەوە پاڵشتیەکی گەورەی ئەم جۆرە پرۆگرامەی خوێندنی بۆ منداڵان و لاوانی ئەفغانستان لە نێو ئاوارەکان و ئەو ناوچانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی کابوڵ دەکرد، تەنانەت کتێبی تایبەت بە جیهاد لە دەیەی هەشتاکاندا بۆ منداڵانی ئەفغان دەنوسرا، تەنانەت بۆ سەرپەرشتی چاپی ئەم کتێبانە ئەمریکا (سەنتەری پەروەردەی ئەفغانستان)ی کردەوە، کۆی کتێبەکانیشی بەشێوەیەك دادەڕشت کە تایبەت بن بە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم بەشێوەیەکی گشتی پەرۆشی بۆ جیهادی ئیسلامی، تەنانەت کتێبەکانی تایبەت بەوانەی ماتماتیکیش بەسترابوونەوە بە وانەی بە جەنگی دژ بەسۆڤێتەوە، بۆ نموونە لە پرسیارێکی ماتماتیکی قۆناغی سێی بنەڕەتی بۆ منداڵانی ئەفغان دانرابوو ( گروپێکی موجاهیدین پەلاماری (50)سەربازی ڕوسیان دا، (20) سەربازیان لێ کوشتن، ئایا ژمارەی ئەو سەربازە ڕوسیانەی هەڵهاتوون چەند بوون.؟ ) هەروەها لە پرسیارێکی قۆناغی چواردا دانرابوو ( خێرایی گوللەی کلاشینکۆڤ (800)م لە چرکەیەکدا، ئەگەر سەربازێکی ڕوسی (3200)م لە موجاهیدەکەوە دوور بێت، موجاهیدەکەیش بیەوێت سەری سەربازە ڕوسیەکە بپێکێت، بەژمارە ڕوونی بکەرەوە چەند چرکە پێویستە بۆ ئەوەی ئەوگوللەیە بگاتە سەری سەربازە ڕوسیەکە.؟) تا ساڵی (1986)و دواتر ڕێکخراوی (ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی-United States Agency For International Development) بە سەرپەرشتی زانکۆی (نێبراسکا-Nebraska) بڕی (50,000,000) دۆلاری بۆ چاپکردنی ئەم جۆرە کتێبانە تەرخان کرد، هەر لەوکتێبانەدا منداڵانی ئەفغان هاندەدران کە چۆن چاوی دوژمنانیان دەربهێنن و قاچەکانیان ببڕن، لەگەڵ ئەوەی ئەو قاچ بڕین و چاودەرهێنانە پێشتر وەك دیاردەیەك لەشەڕی نێوان خێڵەکان لە ئەفغانستان و پاکستان هەبوو، بەڵام ئەمریکا کردی بە پرۆگرامی پەروەردەیی بۆ منداڵانی ئەفغانستان.( Hood bhoy:P P8) دوای شکست و پاشەکشەی سۆڤێت و ڕوخانی حکومەتەکەی نەجیبوڵلا ئەم شێوازەی پرۆگرام و پەروەردەی خوێندن کۆنترۆڵی پرۆسەی پەروەردەی ئەفغانستانی کرد. .( شویر، ٢٠٠٥:ص١٠٧ )

سەرئەنجام یەك لەو لایەنانەی دیکەی ئەفغانستان و کۆمەڵگای ئەفغان کە بووە بەشێك لەململانێکانی جەگی ساردی نێوان سۆڤێت و ئەمریکا، پەروەردە و پرۆگرامی خوێندنی ئەفغانستان بوو، لەو چوارچێوەیەشدا پرۆگرامەکانی خوێندنی ئەفغانستان هەر لە قۆناغی بنەڕەتیەوە تا سەر ئاستی زانکۆکان گەورەترین زیانیان بەرکەوت، چونکە سۆڤێت هەوڵی دەدا پرۆگرامی خوێندنی خۆی لەچوارچێوەی بەسۆڤێتیکردنی ئەفغانستاندا زاڵ بکات، ئەمریکایش هەوڵی دەدا پۆرگرامی خوێندنی جیهادی بۆ تێکشکانی سۆڤێت بەسەر بەشێکی زۆری منداڵان و لاوانی ئەفغانستاندا زاڵ بکات، لەساڵانی دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستیشدا دوو جۆر پرۆگرامی خوێندن بەسەر منداڵان و لاوانی ئەفغانستاندا سەپێنرا، بەشێوەیەك لە خوێندنگاکانی ناوەندی شارەکان و ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی کابوڵدا پرۆگامی خوێندنی سۆڤێتی دەخوێندرا، لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی هێزە جیهادیەکان و کەمپی ئاوارەکانی نێو سنوری پاکستان پرۆگرامێکی خویندنی جیهادی دەخوێندرا، بەجۆرێك پسپۆرە ئەمریکیەکان هەرچی شێوازەکانی پەلاماردان و شەڕی نێو خێڵەکانی ئەفغان هەبوو لەگەڵ ئەو پەروەردە جیهادیەدا تێکەڵیان کردبوو، هەموو ئەمانەش پێکەوە زیانێکی گەورەی لە پرۆسەو پرۆگرامی خوێندنی ئەفغانستان هەر لەقۆناغی بنەڕەتیەوە تا سەر ئاستی زانکۆکان دا، لەگەڵ ئەوەشدا کاول بوونی تەواوەتی هەزاران خوێندنگا بێبەش بوونی هەزاران منداڵ و لاوی ئەفغانستانی لە خوێندن لێ کەوتەوە، کاریگەریەکانی جەنگی سۆڤێتیش لە ئەفغانستان سێ ئاراستەی جیاوازی لە جیلی داهاتوی ئەفغانستاندا دروست کرد، بەشێك لەجیلی داهاتوو کەوتە ژێر کاریگەری پرۆگرامە سۆڤێتیەکە، بەشێکی دیکە لەم جیلە کەوتە ژێر کاریگەری ئەو پرۆگرامە خوێندنە جیهادیەی کە بە خواستی ئەمریکا بۆ تێکشکانی سۆڤێت دارێژرابوو، بەشی سێیەمیش لە جیلی داهاتووی ئەفغانستان بەتەواوەتی لەخوێندن بێبەش بوون، لە ئەنجامدامیشدا و لەچوارچێوەی ململانێکانی ئەمریکا و سۆڤێتدا پرۆسەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە ئەفغانستان توشی کارەساتی گەورە بوو، ئەم کارەساتەیش

لە قۆناغەکانی دواتردا کاریگەری گەورەی نێگەتیڤی لەسەر لایەنەکانی رۆشنبیری و فەرهەنگی و پەروەردەیی کۆمەڵگای ئەفغان بەشێوەیەکی گشتی کرد. بەهەمان شێوەی لایەنەکانی دیکە، لەساڵانی جەنگ لەگەڵ سۆڤێتدا ئەمریکا بەهەموو شێوەیەك دەستێوەردانی لە پرۆگرامی خوێندنی ئەفغانستاندا دەکرد، بۆ ئەو مەبەستەش دەیان ملیۆن دۆلار و دەیان پسپۆری تایبەتی بۆ ئەو دەستێوەردانە تەرخان کرد، بەڵام لەدوای پاشەکشەی سوپای سۆڤێتەوە ئەمریکا هیچ برە پارەو پسپۆرێکی بۆسەرلەنوێ دارشتنەوەی پرۆگرامی خوێندنی ئەفغانستان بە گشتی و خوێندنی بنەرەتی لەم وڵاتە بەتایبەتی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بایەخێکی نەدا بە سەرلەنوێ بونیادنانەوەی خوێندنگاو زانکۆ کاولبووەکانی ئەفغانستان، چونکە ستراتیژێکی دیکەی ئەمریکا لەجەنگی دژبە سۆڤێت لە ئەفغانستان ئەوە بوو، کە پرۆگرامی خوێندن و سیستمی پەروەردەی ئەفغانستانیش بکاتە چەکێکی کاریگەر بۆ تێکشکانی سوپای سۆڤێتی لەو وڵاتە.

**ئەنجام:**

-1کۆی ئەو بنەما دەوڵەتداری و سیاسی و دامودەزگاییانەی ئەفغانستان بەدرێژایی سەدەی بیست داینا بوو، بەهۆی جەنگی (10) ساڵەی سۆڤێت و دەستێوەردانەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەوە سەرجەمیان توشی لەبەریەك هەڵوەشان بوون.

-2جەنگ و ململانێی ئەمریکا و سۆڤێت لە ئەفغانستان ژێرخانی ئابوری ئەم وڵاتەی بە تەواوەتی هەڵتەکاند، بەجۆرێك کۆی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازگانی ئەفغانستان گەورەترین زیانیان بەرکەوت.

-3 بەدرێژایی دەیەی هەشتاکان کۆمەڵگای ئەفغان کەوتە نێو بەرداشی جەنگی نێوان کۆمۆنیزم و ئیسلامەوە، لەگەڵ کۆی دەستێوەردانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا ئەفغانستانی بەرەو کاولترین وڵاتی دەیەی هەشتاکان برد، بەجۆرێك زیاد (10%) ئەم کۆمەڵگایە کوژران، زیاد (50%)ی دانیشتوانەکەیشی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی ئاوارە بوون، بەو پێیەش لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستدا و لەسەر ئاستی جیهان ئەفغانستان یەکەم وڵات بوو کە رووبەرووی گەورەترین کاولکاری و زۆرترین کوشتار و گەورەترین لێشاوی ئاوارە بوون بویەوە.

-4کاریگەریەکانی ئەم جەنگەیش کۆی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و رۆشنبیری بەرەو دارمانی گەورە برد ، چونکە جگەلە کاولبوونی تەواوەتی (60%)ی خوێندنگاکانی ئەفغانستان، سیستمی پەروەردەش لە ململانێی ئەمریکا و سۆڤێتدا توشی شکستی گەورە بوو.

-5کۆی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە جەنگی ئەفغانستانی دژبەسۆڤێت و کاریگەریە هەمەلایەنەکانی جەنگ و ململانێکان، ئەفغانستان و کۆمەڵگای ئەفغانیان توشی دابرانێکی گەورەی شارستانی لەجیهانی سەدەی بیستدا کرد.

## لیستی سەرچاوەکان:

١-سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی:

أ-کتێبە ئینگلیزیەکان:


1. Adamec.W. (2003). Historical Dictionary Of Afghanistan, Third Editions, Scarecrow Press, INC, U.S.A,

2. Amstutz.J. (1986). Afghanstan the First Five Years of Soviet Occupation, Washington D.C, National Defence University Press.

3. Bahman and Palmer.L. (2004). Afghanistan Cave Complexes 1979-2004, U.K, Osprey Publishing.

4. Baumann. (1993). Russian Soviet Unconventional Wars in the Caucasus, Central Asia and Afghanistan, U.S. Army, Center of Military History, Washington D.C, Combat Studies Institute.

5. Bolton. (2010). Foreign Aid and Land Mine Clearance, Government, Politics and Security in Afghanistan, London, and I.B.Taur is.

6. Chandra.V: War Lords. (2006). Drugs and the War on Terror in Afghanistan, U.S.A, Institute for Defense Studies and Analyses.

7. Corwin. (2003). Doomed in Afghanistan, A U.N Officers Memoir of the fall of Najibullah's Failed Escape in 1992, U.S.A, Rutgers University Press.

8. Courtois.Sand Others. (1999) .The Black Book of Communism, Crimes, Terror, Repression, T.By: Jonathan Murphy and Mark Cramer, U.S.A, Harvard University Press.

9. Dorronsoro.G. (2000). Revolution Unending Afghanistan From 1979 to the present, Translated By: John King, London, Hours Company.

10. Emadi.H. (2010). Dynamics of Political Development in Afghanistan the British, Russian and the American Invasions, New York, Palgrave Macmillan Publishing.

11. Feifer.G. (2009). The Great Gamble the Soviet War in Afghanistan, Australia, Harper Collins e-Books.

12. Fenzel.M.( 2013).The Failure of Soviet Decision Making in the Afghan War 1979-1989, Monterey , California, Naval Postgraduate School.

13. Fukuyama.F. (2006). Nation Building beyond Afghanistan and Iraq, U.S.A, Johns Hopkins University Press.

14. Goodson. (2001). Afghanistan Endless War, State Failure, Regional Politics and the Rise of Taliban, U.S.A, University of Washington Press.

15. Hood bhoy.P: The Genesis of Global Jihad in Afghanistan, Pakistan, Quaid-e-Azam University, Islam Abad University.

16. Huffman.M. (2012). The United States and Pakistan during Crisis, U.S.A, East Carolina University.

17. John D. Montgomery and Dennis A. Rondinelli. (2004). Beond Reconstruction in Afghanistan, U.K, Palgrave Macmilan.

18. Jones.G, Munoz. A. (2010). Afghanistan’s Local War, Building Local Defense Forces, U.S.A, RAND National Defense Research Institute.

19.Junes’, Munoz. A. (2010). Afghanistan’s Local War, Building Local Defense Forces, U.S.A, RAND National Defense Research Institute.

20.Kaelin. (2013). No Regrets an American Adventure in Afghanistan, U.S.A.

21.Kakar.M. (2006). A Political and Diplomatic History of Afghanistan 1863-1901, Boston, Brill Publication.

22.Kaufam.G: The First Principals of the Ronald Reagan’s Foreign Policy, Washington D.C, Heritage Foundation.

23.Kelly, Bensabe.N, Oliker.O,. (2011).Security Force Assistance in Afghanistan, Identifying Force Lessons for Future, U.S.A, RAND Center.

24.Lyakhovskiy.A. (2007). Inside the Soviet Invasion of Afghanistan and Seizure of Kabul December 1979, Translated By: Gary Goldberg and Artemy Kalinovsky , Washington D.C, Woodrow Wilson International Center for Scholars.

25.MacDonald.D. (2007). Drugs in Afghanistan, Opium out Laws and Scorpion Tales, London, Pluto Press.

26.Maley .W. (2002). The Afghanistan Wars, Palgrave Macmillan, New York.

27.Margolis.S. (2001). War at the Top of the World, the Struggle for Afghanistan, Kashmir and Tibet, New York, Rutledge Publishing.

28.Marine Corps Institute. (2009). Afghanistan and Introduction to the Country and People, Washington D.C.

29.Mason.W. (2011). The Rule of Law in Afghanistan Missing in Inaction, U.K, Cambridge University Press.

30.Oliker and Others….. (2004) Aid during Conflict, U.S.A, RAND Corporation.

31.Osterman.R: New Evidence on the War in Afghanistan, U.S.A, Cold War International History, Cold War Study.

32.Otfinoski.S. (2004). Afghanistan Nations in Transition, Second Edition, New York, Facts on Fie Press.

33.Panayiotis Dimitrakis. (2013). the Secrit War in Afghanistan, the Soviet Union, China and Anglo-America Intelligence in the Afghan War, U.S.A, I.B. Tauris.

34.Rashid.A. (2001). Taliban, Islam, Oil and the New Great Game in Central Asia, London, I.B Tauris Publishers.

35.Riedel.B. (2014). What We Won America's Secret War in Afghanistan 1979-1989, Washington D.C ,Brooking Institution Press.

36.Robert D. Crews and Amin Tarzi. (2008). the Taliban and the Crises of Afghanistan, U.S.A, Harvard University Press.

37.Rouland.R. (2014). Great Game to 11/9, A Concise History of Afghanistan’s Relations, Washington D.C, U.S.Aire Force.

38.Rubin.R. (2000). The Political Economy and Peace in Afghanistan, Center on International Cooperation, U.S.A, New York University.

39.Saikal.A and Maley .W. (1989). The Soviet Withdrawal from Afghanistan, New York, Cambridge University Press.

40.Schofield.V . (2010). Afghanistan Frontier at the Crossroads of Conflict, New York, TPP Publishing.

41.Shanty.F: The Nexus International Terrorism and Drug Trafficking From Afghanistan, U.S.A, Prager Security International.

42.Strand. A and Others. (2010). Afghan Hydrocarbons a Source for Development or for Conflict, CHR Michelson Institute.

43.Tadam.K. (2013). An American Provocation U.S Foreign Policy during the Soviet Afghan War, U.S.A, Western Illusions Historical Review.

44.Tanner.S. (2003). Afghanistan a Military History from Alexander the Great to the fall of the Taliban, Second Edition, U.S.A, D.A Capo Press.

45.Wesa.T. (2002). The Afghan Agricultural Extension, Impact on the Soviet Occupation and Prospects for the Future, Vancouver, Canada, the University of British Colombia.

46.Yousaf.M, Adkin.M. (2001). Afghanistan the Bear Trap, the Defeat of the Superpower, Casemat Publishers.

ب-کتێبە عەرەبیەکان:

١.شوير، مايكل .(٢٠٠٥). الفوقية الآمبريالية الأمريكية لماذا يخسر الغرب الحرب على الارهاب، تر:سمة محمد عبد ربة،، بيروت، الدار العربة للعلوم.

٢.دسوقي، عيسى.( ٢٠٠٥). أفغانستان تقويم جغرافي للواقع السياسي وتداعياته، ، الاسكندرية ، منشاة المعارف .

ج-کتێب و سەرچاوە فەرەنسیەکان:

47. Atlas Histoique. (2003). La Guerre d'Afghanistan 1979-1989, Context ET De´roulement.

48. Bergey.C, Afghanistan Geopolitique D'un Conflict, Francais, Dossier Re´alise´ Par Madame Bergey.C Professor au Lyce´e Michel Montaigne de Bordeaux.

49. Boudreau.S. (2005). L'Impasee Afghani, Françoise, Les Editions Ruptures.

50. Raffray.M. (2008). Less Sovietiques En Afghanistan 1979-1989 L'Armee Rouge Bouleversee, CDEF Centre de Doctrine d'Emploi des Forces, Republique Francaise.

د-ڕاپۆرتە نیێودەوڵەتیەکان:

51. Conrad Schetter and Rainer Glassner , the Peripherization of the Center, Warlordism in Afghanistan/ The Middle East Institute Washington D.C.

52. Department of Immigration and Citizenship. ( 2012). Afghan Community Profile , Australian Government

53. Tate.C. (2006). Governments of the World, A Global Gide Citizens' Rights and Responsibilities, Volume 1 Afghanistan to Djibouti, Thomson Gale Corpora ting, U.S.A,.

54. Tinto.R. (2011). UN Global Compact, The ten principles, Communication on Progress.

هـ-بەڵگەنامە:

1. 1-N.E.S.A Directorate of Intelligence, The Soviet Invasion of Afghanistan, Five Years Later, An Intelligence Assessment, Office of Near Eastern and South Asia Analysis and the Office of Soviet Analysis, 1999.

9-توێژینەوە:

1. Harvey.K. (2003). Afghanstan the United States and the Legacy of Afghanistan Civil War, U.S.A.

2. Kerry.F and Others. (2009). Afghanistan Narco War Breaking the Link between Drug Traffickers and Insurgents, a Report to the F.R.U.S, U.S.A.

3. Kuo.S. (2012). The Mineral Industry of Afghanistan, U.S GS Science for Changing World.

## الملخص

ادت الغزو سوفيتي للأفغانستان الى الحرب السوفيتية -ألافغانية بين سنوات (١٩٧٩-١٩٨٩)، حيث كانت السبب الرئيسى للتدخلات ألاقليمية و الدولية في أفغانستان. في هذة الفترة أصبحت أفغانستان ساحة الحرب الكبيرة لمدة عشرة سنوات، و كان لأستمرار الحرب في أفغانستان تأثيره على نواحي السياسة و ألاقتصادية وألاجتماعية وألامنية ، وأدت الى تفشي الظواهر العنف و الهجرة و النزوح في داخل وخارج أفغانستان وكما كانت سببا رئيسيا لبروز مشكلة انتشار زراعة مخدرات في افغانستان وخاصة في مرحلة الاحتلال السوفيتي. بعد انسحاب الجيش السوفيتي و انتهاء الحرب الباردة، دخلت أفغانستان مرحلة جديدة من الازمات السياسية وألاقتصادية و حروب الداخلية بين الحركات الجهادية و مكونات العرقية المختلفة وكذلك بين الميليشيات العسكرية، أدت الصراعات والحروب والحوادث مابعد الحرب الى تدمير البنية السياسية وألاقتصادية و ألاجتماعية للدولة ألأفغانية. حيث كانت كل من الولايات المتحدة و ألاتحاد السوفيتي المسئولين الأولين في معظم ألأحداث والحروب و الصراعات و أزمات التى مرت بها ألافغانستان، وذلك لأن الافغانستان كانت الساحة الوحيدة للأنهاء كل صراعات السياسية والعسكرية والفكرية المرطبتة بالحرب الباردة بين القطبين الرأسمالية بقيادة الولايات المتحدة و الأشتراكية بقيادة ألاتحاد السوفيتي.

## Abstract

The Consequences of Soviet Invasion of Afghanistan and the ten years of Soviet-Afghan War have brought this country, one of the most backward and poorest nations of the world, because the ten years of War had been Economic, Social, Military, Political, Cultural and Physical Impact on Afghanistan, Millions have been killed, millions more have been forced to flee their homes and the country's infrastructure and forests have all but been destroyed. The social fabric of the country is fractured and state institutions are fragile and weak, and the subsequent invasion by Soviet forces in 1979 marked the beginning of a prolonged period of conflict. Also the Regional and International Intervention in War (1979-1989) in Afghanistan Deteriorated the Situation in This Country, but U.S.A and U.S.S.R Accused of Afghanistan Devastation Particularly, because Afghanistan was a Main Ground of two Superpowers Conflict, at Consequence Afghanistan became a greatest victim of the last decade of Cold War, Finally Soviet forces withdrew in 1989, leaving the government increasingly reliant on militias to maintain control. While many Afghans hoped that the departure of Soviet forces would bring peace, but the country became increasingly unstable.